# ڕۆژی جیهانی كام منداڵان؟؟؟

عومەر جەلال
omerjelal@yahoo.com



لەهەرێمی كوردستاندا نزیكەی (43) چل وسێ هەزار منداڵ لە ژێر هەڕەشەی مەرگدان ئەمە مانشێتی ژمارەی هاوڵاتی پێشووبوو ,هەموو ساڵێك لە (6,1) گوێبیستی چەند هەواڵێك دەبین سەبارەت بە رۆژی منداڵی ئایا هیچ منداڵێكی كورد ئاگاداری ئەوەیە رۆژێك هەیە تایبەتە بۆ بەرز راگرتن و مافی منداڵ؟ یان تەنیا ئازاری منداڵی كوردی پێدەدرێت,منداڵی كورد بەدەستی نەخۆشی سالاسیما و دڵ كونبوون و دەیەها نەخۆشی دەروونیەوە دەناڵێنێت,نەماندی رۆژێك پەرلەمان یاسایەك دەربكات بۆ پاراستنی مافی منداڵ و تەنانەت بێدەنگ بوونە لە كوشتنی ئافرەت و كۆچی گەنجان ئەمە چ یاسایەك ناوی دەنێت پەرلەمان, هەرێمی كوردستان گوایە پەرلەمانی هەیە كەچی ئەو موچە و دابین كردنی ئۆتۆمبێل و بەخشینی ئاپارتمان وچەند دیاریەكی تایبەتی دیكە بۆ ئەندام پەرلەمانەكان هەر بەو ئەندازەیە و موچەیە  دەتوانرێت خزمەتی زۆرترین رێژەی منداڵی نەخۆشی پێ بكرێت, وەلێ كێشەكە لەوەدایە هەر رۆژە و گوێمان لە بە (دوبەی) كردنی سلێمانی و هەولێر دەبێت و هەموو شەوێكیش دەخەوین  و بەیانی خەبەرمان دەبێتەوە دەبینین چەند بینایەك بەرزبووەتەوە كە چی منداڵی بێنازی كورد لە دۆخێكی زۆر مەترسیدا دەژین ,منداڵی كوردلە سێ دەیەی سەدەی رابردوودا تووشی كارەسات وشكستی خێزانی بووەتەوە شەری ئێران- عێراق زەنگێكی ترسناك بوو بۆ لەناوبردنی باوكی منداڵی كوردی كە بەشێك لە منداڵی كورد بێنازی باوك مانەوە ئەركێكی گەورە كرایە سەر منداڵی كورد,ئەمە لە لایەك و لەلایەكی دی رژێمی بەعسیزم هەتا پێیكرا منداڵی كوردی لەناو برد چ  بە ئەنفال بێت یان بەو دۆزەخەی دژ بە كورد هەڵیگیرسان چ جای ئەوەی پاش راپەرین و ئازادكردنی بەشێكی كوردستان حیزبەكان  نەیانتوانی مافی منداڵەكان بپارێزێن و رێز و ماف نەبەخشرا بەمنداڵانی ئەنفال و خاوەنی قوربانییەكان كەئەمەش كارەساتێكی گەورەبوو كە دەسەڵاتی كوردی كەمتەرخەم بوو بەرانبەر منداڵی كورد , بوونی شەڕی ناوخۆ دووبارە منداڵی كوردی تووشی شۆكێكی گەورە كرد كە زۆرینەی منداڵی كورد نەیان دەتوانی دریژە بە خوێندن بدەن و بێبەش بوون لە خوێندن و مافە سەرەتاییەكانی و دیسانەوە كاریگەریەكی گەورەی كردە

سەر مافی منداڵ.

ئەمرۆ منداڵی کورد لە ژیانێکی پڕاو پڕ لە کێشە و دەرەسەری دا دەژێت و هەست بەوە ناکات ئاسوودەییەك لە ژیانیدا هەبێت بۆ ماف و رۆژی منداڵی ,ئەرکی دەسەلاْتی کوردییە کە بەرپرسیاریەکی گەورەی دەکەوێتە سەر بۆ خزمەتکردنی نەوەیەك کە بەرێوەیە ,ئیدی نازانم دەسەلاْتی کوردی بۆ وا بەو ئەندازەیە  دوورە پەرێزە لە منداڵ؟ و ئایا ترسی ئەوەی هەیە ئەم منداڵانە گەورە بوون و رۆژێك دابێت کۆتای بەم هەموو گەندەڵی و نادادپەروەریە بهێنن ؟ نەهێڵن چیدی مافیان لەلایەن چەند کەسێکەوە پاوەن بکرێت و پڕبەدەنگ هاواربکەن دەسەلاْتێکمان ناوێت منداڵانی ئەندامی حیزبەکانی بەهەشتێکی نموونەی بۆ خۆیان فەراهەم بکەن و ئێمەش لەدۆزەخی تەنیا و بێئومێددا بسوتێنرێین.

پێویستیەکی گرنگ و بەرپرسیاریەکی گەورەیە لەسەر رێکخراوەکانی منداڵان و دەسەلاْتی کوردی لە جیهانی منداڵ تێبگەن و کار بۆ ئارەزووە خەیاڵییەکانی منداڵانی تەنیا بکەن و رێزلە مافی مندلاْن بگرن و بەدەنگەوەهاتنیان یارمەتیدەرە بۆ درووستبوونی کۆمەلگەیەکی مودێرن

لە کوردستاندا بوونی سەنتەرێکی گەورە لە پشووی هاویندا بۆ منداڵان ئەرکێکیی گەورەی حکومەتە و هاندانی منداڵان بکرێت یان ئیش لەسەر خولیا و ئارەزووەکانیان بکرێت مەرج نییە تەنیا لە قوتابخانە مندلاْن پەروەردە بکرێن بەڵکو گرنگە پەروەردەیەکی نوێ بکرێن, هەمووومان دەزانین ئەوەی قوتابی لە قوتابخانە فێری دەبێت جگە لەترس و بەزۆر ئەزبەر کردنی وانەکانی چیدی بوونی نییە بۆیە بوونی چەند سەنتەرێك لەشارو شارۆچکەکان و تەنانەت ئەو گوندانەی کەلەکۆتایی چۆڵ بووندان رێگا نیشاندەر دەبێت ئەگەر کەسی پسپۆر و توێژەری کۆمەڵایەتی  بۆ تەرخان بکرێت ,من دڵنیام دۆخی منداڵانی کورد بەم شێوازە بەرەومەترسی نەدەبووەوە ,لەکاتێکدا کە ئەو هەموو بارەگای حیزبانە دەبینین لە شارو شارۆچکەکاندا و گەڕەك نییە بارەگای کۆمیتەیەك یان لقی هەردوو حیزبە کوردییەکەی تێدا نەبێت کە بوونی هەر گرنگ نییە بەو شێوازە زۆرە  کە کاریگەری هەبووە لەبەرزکردنەوەی کرێ ی خانوو ,دەبوو هیچ نەبووایە لەبری ئەو هەموو بارەگای کۆمیتە و ناوچانە چەند باخچە و سەنتەرێك هەبووایە بۆ درووستکردنی نەوەیەك کە ئایندەی نیشتمانەکەمانی لە دەستدایە و دەبێت ئیش بۆ ئەو نەوەیە بکرێت ,هەمومان دەزانین مندلاْنی کورد بەو شێوازە ناشایستانەیە لەشەقام کۆلاْنەکاند ا دەبینرێت کاردانەوەی نێگەتیڤی دەبێت لەسەر ئایندەی خودی منداڵ .

---

لەهەفتەنامەی (هاولاْتی ) ژمارە (328) ی 2007/5/30 بلاْوبووەتەوە.